# ژنانی کورد لە ئەوروپا مێردەکانیان تەڵاق دەدەن

## بەسەرهاتی کچانێکە کە بۆ ئەوروپا مێردیان بە کوڕانێك کردو ژیانیان جیابوونەوە بوو

ریپۆرتاژی: نەجات روستی
najatrosty@yahoo.com



بەرێژەیەکــی زۆر ئــەو کورانەی لــە ئەوروپا دەژیــن‌و ماوەیەکی زۆر لەوێ ژیان بەســەر دەبەن، کاتێك دەگەڕێنەوە کوردســتان یەکسەر بیر لە بردنی کچێك دەکەنەوە، کە بیکات بە هاوســەری خۆی، زۆربەیان گرنگی بەتەمەن‌و لەیەکگەیشتن نادان، بەڵکو روخساری جوانبێت‌و گوێ بە ئاستی گونجانــدن نادەن، بیر لە داهاتوو ناکەنەوە، کە ئەو کچە تا چەند لەگەڵیا دەســازێ. بۆیە گەورەترین گرفت کە دێتە بەردەم ئەوانەی لە کوردستان ژیانی هاوسەری پێکدێنن جیابوونەوەیە، سەبارەت بە جیابوونەوەی ئەو ژنانەی کە لێرەوە چوون بۆ ئەوروپاو لەوێ ژیانی هاوسەریان پێکهێناوەو لەپاشــاندا بەهەر هۆکارێکەوە بێت لەیەکتری جیابوونەتەوە، ئەم چەند گفتوگۆیەم کە ماوەی زیاتر لە چوار مانگە ســەرقاڵی بووم‌و بەشــێك لەم گفتوگۆیە لــە ڕێگای پەیوەندی "فاکس"ەوە. هەروەهــا لە ڕێگای چەند هاوڕێیەکم لە ئەوروپا وەڵامەکانم بە دەســت گەیشــتووە، هەندێکشــیان لــە کاتی گەڕانەوەیان بۆ کوردســتان گفتوگــۆی رۆژنامەوانیم لەگەڵیان ئەنجامداون. لەهەمانکاتیشــدا تاکە مەرجی ئەوانیش بلاّوونەکردنەوەی ناوەکانیان بوو، بەڵام ئەوانەی لە ئەوروپا دەژین بەلایانەوە ئاســایی بوو ئەگەر ناوەکانیشــیان بلاّوبکرێتەوە، لەبەرئەوەی ئەوانەی لێرە قســەیان کــردووە بەلایانەوە ئاســایی نەبوو، بۆیە پێمان باش بوو ناوی گشــتیان بلاّونەکەینەوە.

**مێردەکەم لە شوێنیك ئیشی دەکرد ڕووم نایەت باسی بکەم**

ژنێــك بەناوی (هـ.د.خ) نزیکەی دە ســاڵێکە لە وڵاتی ســوید دەژییێت، لە کوردســتان مێرد بەکوڕێك دەکات کە بەڵێنی زۆرشتی پێدەدات، بەڵام کــە دەگەنە ئەوروپا دەیخاتە زیندانێــك لە وڵاتیکی ئازدادا وەك خۆی بۆ گۆڤاری کوێســتانی باسدەکردو دەیوت:" من ماوەی هەشت ساڵە لە سوید دەژیم، کاتی خۆی کە لە کوردســتان بووم کوڕێك هاتە خوازبێنیم‌و پێی وتم:" لەســوید لە کارگەیەکی جل‌و بەرگ کاردەکەم، کارەکەم زۆر باشــە کــە تۆش هاتی بۆ ئەوێ هەوڵ ئەدەم، لــە لای من کاربکەی هەردووکمان بەیەکــەوە بەیانیان دەڕۆیــن‌و ئێوارانیش دەگەڕێینــەوە ماڵ" ئەم ژنە بــەردەوام دەبــێ لە گێڕانــەوەی ئەو رۆژانــەی کە پێش ئــەوەی بچێتە ئەوروپاو دەڵێت:"مێردەکەم بەڵێنی زۆر شــتی پێدام، کاتێ زەماوەندمان کرد لە کوردستان تەنها شەکراومان خواردەوە، من ڕازی نەبووم ئاهەنگی بەیەکگەیشــتن بکەیــن، خۆم داوام کرد کە چوومە ســوید لەوێ شــایی بکەیــن‌و ئەمیش ڕازی بوو." ئەم ژنە باس لە درۆکانی مێردەکەی دەکات کە کاتێ گەیشــتۆتە سوید چۆن هەموو شتێکی بۆ روون بۆتەوەو دەڵێت: "بەڵام کاتێ گەیشتمە سوید ئەو قسانەی کردبووی لە کوردستان هەمووی بــەدرۆ دەرچوون، لە جیاتی ئەوەی لە کارگەی جــل‌و بەرگ کاربکات لە شــوێنێکی تر کاری دەکرد، کە هەرگیز ڕووم نایەت بەکەسوکارم بڵێم کە لەو شــوێنە کاردەکات، لەگەڵ ئەوەی وەکو جاران لەگەڵم ڕووخۆش نەبوو هەمیشە پێی ئەوتم:"ئەگەر من تۆم نەهێنایە بۆ ئێرە لە ژیانت چاوت بە سوید نەدەکەوت، لە هەمان کاتدا زۆر کەم قسەی لەگەڵ دەکردم." تا ئەم ژنە بەناچاری لە مێردەکــەی جیادەبێتەوەو ژیانێکی تر هەڵدەبژێرێت‌و لە کۆتایی قســەکانیدا وتی:"دواجار چیتر نەمتوانی لەگەڵی بژیم، چونکە بەلامەوە ئەســتەم بوو لە وڵاتێــك بژیم هەموو ئازادییەکــی تێدا بێت،

ژمارە ٧
تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧


من وەکو مرۆڤێك نەتوانم بە ئازادی بژیم، هەرچەندە کەسوکارمان هەموویان دەیزانن لەیەك جیابووینەتەوە، لەلایەکی تریشەوە کەسوکاری ئەو داوای پارەو ئاڵتوون دەکەن لە دایکم و باوکم لە کوردستان."

**هاورێکانم بەخیلیان پێدەبردم کە شووم بەکەسێکی ئەوروپا کردووە**

ژنێکی تر لە ولاتی ئەڵمانیا"د.ف.ن" لە گێرانەوەی بەسەرهاتی جیابوونەوەکەی لە مێردەکەی دەڵێت:" ماوەی چوار ساڵە لە ئەڵمانیا ئەژیم، کاتی خۆی لە ڕێگای ناسیاوێکمانەوە مێردەکەم کە(ك)ە. ناسیم‌و هات بۆ خوازبێنیم، هەرچەندە بە(١٥) ساڵ لەمن گەورەتر بوو، بەلام چونکە لەئەوروپا بوو هیچ پێوەی دیار نەبووماڵەوەشمان زۆر هانیاندام کە شووی پێبکەم‌و منیش ڕازی بووم، کە شووشم پێکرد هاورێکانم هەموویان بەخیلیان پێدەبردم تەنانەت هەندێکیان پێیان وتم:" ئەگەر چوویت بۆ ئەڵمانیا پیاوێکی کوردیش لەوێ بۆ ئێمە بدۆزەرەوە، ئەگەر بکات‌و دەڵێت:"ڕۆژانە نەمدەزانی چیبکەم، چونکە لە چوار دیواری شوقەکەدا بووم، شەوێك پێم وت:" دەمەوێ کار بکەم وەکو تۆ بۆئەوەی هاوکاری ماڵی خۆم بکەم" لەوەلامی قسەکانی مندا (ك) وتی:" پێویست ناکات تۆ کاربکەی پێویستمان پێی نییەو تۆ بۆ خۆت لێرە دابنیشی من کاردەکەم تەنها مەچۆرە دەرەوە هەرچیت دەوێ بۆتی جێبەجێ دەکەم‌و هەرکەسێکیش ویستی بێت بۆ لات دەرگای لێ مەکەرەوە بەتایبەتی ئەگەر پیاو بوو." ئەم ژنەی لەگێرانەوەی ئەو ڕۆژانەی لە شووقەکەدا واوەسفدەکات کە زۆری نەمابووە تووشی نەخۆشی دەروونی بکات‌و وتی: "ماوەیەکی زۆر وا ژیانم بەسەر برد خەریك بوو توشی نەخۆشی دەروونی ببم، ڕۆژێکیان زۆر بێزار بووم، لە شووقەکەی خۆمان چوومە خوارەوەو کورێکی گەنج پێی ووتم:" بەیانی باش" کە گوێم لەو وشە کوردیە بوو زۆر دڵم خۆشبوو دیار بوو دەیزانی کوردم، هەروەها وتی:"دیارە تۆ تازە



بە تەمەنیش بێت ئاساییە تەنها ئەمانەوێ بچین بۆ ئەوروپا" ئەو ژنە لەکاتی گێرانەوەی کێشەکانی لەگەڵ مێردەکەی باسی سەرەتای ڕۆیشتنی دەکات بۆ ئەڵمانیا:" کە شووم بە(ك) کرد لەماوەی شەش مانگدا هەموو شتێکمان تەواوکرد، لەڕێگای قاچاخ بەبری"١٢٠ گەلا" بە ماوەی یەك هەفتە گەیشتمە ئەڵمانیاو مێردەکەشم لە فرۆکەخانە چاوەڕێم بوو، ئەو ڕۆژەی کە یەکتریمان گرتەوە لە فرۆکەخانە بۆ شەوەکەی نەچووینە شوقەکەی ئەو، بۆ ئوتێلێکی زۆر خۆش لە شاری (بۆن) ڕۆیشتین‌و لەوێ بووین بە هاوسەری یەکتری پاش دوو ڕۆژ چووینەوە بۆ شوقەکەی ئەو لە شارۆچکەیەکی نزیك شاری (بۆن) ماوەی هەفتەیەك (ك) نەچوو بۆ کارو زۆر گەڕاین بەیەکەوە بۆ ئەوەی شارەزای ئەو وولاتەبم، دوای هەفتەیەك چووە سەر کار هەموو ڕۆژێك بەیانیان دەردەچوو تا کاتژمێر (١١)ی شەو نەدەگەڕایەوە من زۆر بێزابووم." (د) کە ڕۆژانێکی پاش مانگی هەنگوینی دەکەوێتە نێوان چوار دیوارێکەوە کە لە شووقەیەکی چەند نهۆمی بەرز کە تەنیا بەرامبەرو خوارەوەی خۆی لێ دیارەو مێردەکەشی ڕۆژانە دەچێتە کارو ئەو بەند دەکات‌و هەتا لێ ناگەڕێت کارێکیش هاتووی بۆ ئێرە" منیش وتم:" بەڵێ دوو مانگ نابێ" هەروەها پێیوتم:" لە نانەواخانەیەکی نزیك شوقەکەتان کاردەکەم ئەگەر هەرکارێکت هەبوو بەم ژمارە تەلەفونە (..) پەیوەندیم پێوە بکە، ئەو بەجێی هێشتم‌و ڕۆیشتم بۆ دەرەوە نزیکەی پەنجا مەترێك لە شووقەکە دوورکەوتمەوە دوایی پەشیمان بوومەوەو گەڕامەوە بۆ شوقەکە، کاتێ گەڕامەوە زۆرم برسی بوو هیچ نانمان نەبوو، ناچار بووم تەلەفونێکم بۆ نانەواخانەکە کرد پێم وت:" ئەگەر دوو نانم بۆ بنێرن مەمنوون دەبم پاش ماوەیەك کورێك کە ئەڵمانی بوو لە دەرگایدا نانەکەی بۆ هێنام هەندێ قسەی کرد من هیچی لێ حاڵی نەبووم." (د) دەڵێ پاش ئەوەی مێردەکەم لەکار گەڕایەوە کارەکانی ئەو ڕۆژەم هەمووی بۆ باسکردو دەڵێت:" کاتێ (ك) هاتەوە ماڵ هەموو شتەکانم بۆی گێرایەوەو زۆر توور بوو و وتی: "جارێکی تر بۆت نییە لەو شووقەیە بچیتە دەرەوە بە هیچ شێوەیەکیش قەبوڵناکەم هیچ کەسێ بێت بۆ لات‌و سەردانت بکات هەر چیت ویست خۆم بۆت دەهێنم لەو ڕۆژەوە لە من کەوتە گومانەوە، تارۆژێکیان کورە کوردەکە هاتە شوقەکەمانەوە پرسیاری منی لە(ك) کردبوو، وتبوی:



دەگەڕێمەوە کوردستان ئەگەر کارێکتان هەبێت، ئەویش بەشێوەیەکی زۆر ناشرین وەڵامی دابۆوە، ئیتر کورەکە زۆر تەریق بووەوە خۆیشم بەهەمان شێوە، ئیتر وەکو ئەوە وابووم کە لەبەندیخانە بژیم." هەر لەدرێژەی گێڕانەوەکەیدا (د) زیاتر ئاماژە بە ژیانی رۆژانەی خۆی دەکات لەگەڵ مێردەکەییداو دەڵێت:"من هەمیشە حەزم لە گۆرانیو مۆسیقا بوو، کەچی ئەو بەپێچەوانەی من بوو، شەوان کە لەکارکردن دەگەڕایەوە یەکسەر دەخەوتو بەبێ ئەوەی باسی ئەو رۆژەم بۆ بکات کە چی کردووە، لەبەر چەندین هۆکاری تر کە ناتوانم پێتان بڵێم لە یەکتری جیابووینەوە."

**پێش ئەوەی مێردی پێبکەم تەنیا بە وێنەبینیبووم**

"ت.م.ق" ژنێکی تری جیابۆوەیە لە مێردەکەی کە پاش دووساڵ لە شووکردنی لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا دەژێتو دەڵێت: "دوو ساڵ لەگەڵ کورێك بەناوی (ه) ژیام، من بەرلەوەی لە کوردستان بێم بۆ لەندەن، ئەو کورەم بە وێنە بینیبوو لە رێگای خوشکەکانی ئاگاداری هەموو ژیانی بووم بەبێ ئەوەی بیناسم، چونکە هەر هەواڵێکی هەبوایە دەمزانی، هەندێ جاریش لە ماڵی ئەوان کە تەلەفونی دەکرد منیش قسەم لەگەڵ دەکرد تا رۆژێکیان خوشکە ناوەنجیەکەی وتی: بۆ شوو بە براکەم ناکەی، منیش وتم ئەگەر ئەو رازیبێت، بەڵام بەتەلەفون نا بەڵکو ئەگەر هاتەوە دوو بە دوو لەگەڵی دانیشین ئەگەر قەناعەتمان بە یەکتری کرد ئەوا هەموو شت دەبڕێنینەوە." هەر لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ گۆڤاری کوێستان باس لەسەرەتاکانی ناسینی مێردەکەی دەکاتو دەڵێت:"پاش پێنج مانگ (ه) هاتەوەو رۆژێکیان خوشکەکانی منیان دەعوەت کرد بۆ "سەرچنار" لەوێ باسی بەهاوسەربوونی یەکتریمان کرد سەرەتا من رازی بووم، دوای دوو رۆژ هاتە خوازبێنیم هەموو شتێکمان برییەوەو دوای دوو ساڵو نیو چاوەڕوانی، ئینجا توانیم لە رێگای ئێرانەوە سەفەر بکەم بۆ لای (ه) لەوێ ماوەی دوو ساڵ ژیانمان بەیەکەوە بردە سەر." هەروەها(ت م) ئاماژە بەخوورەوشتو ژیانی مێردەکەیو ئەو جیاوازییەی تەمەندەکات کە تووشی چ دەردەسەریەکی کردووەو دەگێڕێتەوە:"لەبەرئەوەی مێردەکەم (١٥) ساڵ بە تەمەن لەمن گەورەتر بوو، من حەزم لە گەڕانو سەیرانو شوێنە خۆشەکانبوو، بەڵام ئەو بە پێچەوانەی من بوو هەمیشە حەزی دەکرد لەماڵەوە بێت لەگەڵ چەندین هۆکاری تر نەمانتوانی بەیەکەوە بژین:" پاش بەسەربردنی دووساڵ لەژیانی هاوسەریەتی (ت م) لەمێردەکەی جیادەبێتەوەو ئێستاش بۆ جارێکی تر (ه)ی مێردی پەشیمان بۆتەوەو بەڵام ئەمە دادی نادات و وەك خۆی دەڵێت:"من لەوێ لە دادگا داوای جیابوونەوەم کردو بە بڕیارێك لە یەکتری جیابووینەوە، ئێستا من لە شارێك دەژیم ئەویش لە شارێکی تر، هەرچەندە زۆر جار پەیوەندیم پێوەدەکات پێم دەڵێت پەشیمانم، بەڵام تازە بڕیارێکە داومەو پاشگەز نابمەوە. هەرچەندە لە کوردستان هەموو خزمەکانم لێم تورەن لەسەر جیابوونەوەمان بەڵام ئەم بڕیارە پەیوەندی بە ژیانی خۆمەوە هەیە."

**خزمی مێردەکانم بوونە هۆکاری جیابوونەوەم**

ژنێکی تر بەناوی"ل.ت.م" پاش چوار ساڵ لە چاوەڕوانی بۆئەوەی بگاتە ئەڵمانیا، بەڵام پاش چاوەڕوانییێکی زۆر دەگاتە وڵاتی ئەڵمانیا لەرێگای ئوردنەوە، بەڵام پاش دوو ساڵ لەیەکتری جیادەبنەوەو هەروەکو خۆی باسدەکات:" لە رێگای ئوردنەوە گەیشتمە ئەڵمانیا، ئەو کاتەی کە گەیشتم زۆر دڵم خۆش بوو، چونکە وام هەست دەکرد کە تازە بە تازە دێمە دنیاوە لە بەرئەوە ماوەیەکی زۆر لە کوردستان چاوەڕوانی سەفەرم دەکرد ماوەی دوو ساڵ لەگەڵ هاوسەرەکەم بەبێ گرفت ژیانمان بەسەر دەبرد هیچ کێشەمان نەبوو." (ل) باسی ئەو هۆکارانە دەکات کە بوونە هۆی جیابوونەوە ئەوو مێردەکەیو دەڵێت:" هەندێ لە خزمانی هاوسەرەکەم ئەوەندە قسەیان لەبن گوێی دەکردو ئەویش بە قسەی ئەوانی دەکرد، چەندین جار پێم وت: منو تۆ ژیانمان بەیەکەوەیە، تکایە رێگا مەدە خەڵکی لە دەرەوە تەداخولی ژیانمان بکەن، حەز دەکەم هەر شتێك هەیە پێم بڵێی ئەوەندە گوێی لە قسەی ئەمو ئەو مەگرە باژیانمان لێتێك نەچێت، چونکە تۆ منت لە کوردستانەوە هێناوە بۆ ئەوەی لێرە بە ئاسودەیی بژین." (ل) بەردەوام دەبێت لە گێڕانەوەی قسەکانیداو ئاماژە بەوەدەدات کە کێشەکەیان ئەوەندە گەورەببوو گەیشتبووە کوردستان و دەڵێت:" زۆر هەوڵمدا دیاربوو هیچ سوودێکی نەبوو، بگرە کێشەکەشمان گەیشتە کوردستانو بڕوا بکە شەوی واهەبوو چوار کاتژمێر قسەمان بە تەلەفون کردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەمان، ئەوەبوو دواجار بڕیاری جیابوونەوەماندا، ئێستا ئەو زۆر پەشیمانە، بەڵام پەشیمانی دادی چی ئەدات، من ئێستا ژیان لەگەڵ کەسێکی تر بەسەر دەبەم، بڕیاریشمداوە نەگەڕێمەوە بۆ کوردستان، چونکە دەزانم بگەڕێمەوە خۆمو خێزانەکەشم تووشی گرفت دەبین."

**مێردم بەکەسێك کردبوو لەیەکتری ناگەیشتین**

"ئا.ش.ق" ژنێکی ترە کە شووی بەکوڕەمامێکی خۆی کردووەو پاش چوار ساڵ لەچاوەڕوانی کەبیبات بۆ ئەوروپاو دواتر کە دەچنە ئەوروپا کێشە دەکەوێتە نێوانیانەوەو وەك خۆی دەڵێت:" من ماوەی ساڵو نیوێك لە سوید ژیام هاوسەرەکەم کوری مامم بوو، بەر لەوەی بچێت بۆ سوید دەزگیرانم بوو، ماوەی چوار ساڵ بوو لەوێ دەژیا کاتێ گەڕایەوە کوردستان منی برد بۆ سویدو ماوەی دوو ساڵ هاوسەری یەکتربووین، لەبەرئەوەی تا پۆلی سێی ناوەندیم خوێندبوو ئەویش زانکۆی تەواو کردبوو بیرکردنەوەی منو ئەو زۆر لە یەکتر جیاواز بوو." لە درێژەی قسەکانیدا باسی دوا ساتەکانی ژیانی دەکات لەگەڵ کوڕەمامەکەیو دەڵێت:"بەسەفەرێك گەڕاینەوە بۆ سلێمانیو جەوازەکەی(پاسەپۆرت) لێ سەندمەوە، بەبێ هیچ هۆیەك داوای جیابوونەوەی لێ کردم، هەرچەندە کەسوکارم داوای هۆی جیابوونەوەیان لێ کرد، بەڵام سوودی نەبوو." (ئا) باسی ئەوە دەکات کە تا ئێستاش چاوەڕوانی شتێك کەخۆی نازانێت چیەو دەڵێت:" هەر دوای دوو رۆژ لە جیابوونەوەو گەڕایەوە بۆ سوید منیش لێرە خۆم نازانم چاوەڕێی چی دەکەم."